# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

**٤٥٥**

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٥٥ – خە رمانان – اوت ٢٠٢٤


**سەروتار**

## کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوەچوو!

کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ڕۆژانی ٥ و ٦ و ٧ی مانگی گەلاوێژی ١٤٠٣ی هەتاوی ڕێکەوتی ٢٦ و ٢٧ و ٢٨ی جولای ٢٠٢٤ی زایینی لە سێ شوێن کە لەڕێگەی ئینتێرنێتەوە پێکەوە لە پەیوەندا بوون و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و میوانانی دیکە بەشێوەی ئانلاین ئامادە بوون، بەڕێوەچوو. لەم کۆنگرەدا بێجگە لە نوێنەرانی تەشکیلاتی شارەکانی ئێران و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب، چەند هەیئەتێک لەلایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی چەپ و کۆمۆنیست وەک، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران – حێکمەتیست، سازمانی فەداییان ئەقەلییەت، سازمانی ڕاهی کارگەر، ئیتحادی سۆسیالیستی کاریگەری، هەستەی ئەقەلییەت، ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی عێراق، ڕێکخراوە سۆسیالیستە کرێکارییەکانی ئەفغانستان، ڕێکخراوی ژنانی ٨ی مارس (ئێران – ئەفغانستان) و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەییەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و کرێکاری و چالاکانی بزووتنەوەی ژنانی ئێران بەشداربوون. کۆنگرە بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لە ماوەی دوو کۆنگرەدا گیانیان بەختکرد و هەروەها ڕێزگرتن لە یادی سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەست بەکار بوو و بە پەسندکردنی ئاییننامەیەی ناوخۆیی کۆنگرە و هەڵبژاردنی هەیئەتی بەڕێوەبەریی دایم، درێژەی بە کارەکانی دا

پاشان، دەبیری کۆمیتەی ئیجرایی حیزب لە وتاری دەستپێکدا بارودۆخی تایبەت و پڕ لە ئاڵوگۆڕی ئێرانی لە قۆناغی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و خێرایی گۆڕانکارییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان و مەترسیەکان و دەرفەتە خوڵقاوەکانی ئەم بارودۆخەی دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەم وتارەدا وێڕای ئاماژە بە بنەماکانی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١ی هەتاوی و دەستکەوتەکانی،



## پەیامی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ زیندانیانی سیاسی

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە مەحکووم کردنی شەپۆلی نوێی ئیعدام

## پەیامی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ بنەماڵەی گیانبەختکردوان



## گرتن و لێپرسیەوەی منداڵان لە کوردستان، نیشانەی ترسی کۆماری ئیسلامییە

لەسەر پێویستی دابینکردنی پێداویستیەکانی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە جەخت کرا. لەم وتارەدا وێڕای ئاماژەدان بە قەیرانی گشتگیر و قووڵی ئابووری وکۆمەڵایەتی و ژێئۆپۆلیتیکی کە ڕژیم لە چنگیاندا گرفتارە، باسی ئەوە کرا کە ئاکامەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا قەیرانی حکوومەت و ناکۆکیی نێوان باڵەکانی ڕژیمی ئیسلامی توندتر کردووە و دانانی پزیشکیان نەتەنیا ناتوانێ یارمەتی دەری چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانە بێ، بەڵکوو بە قووڵکردنەوە و پەرەپێدانیان پێگەی ڕژیم لە بەرامبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی کۆمەڵگا لاوازتر دەکات. دانانی پزیشکیان بۆ کۆماری ئیسلامی دەرفەتی تازەکردنەوەی هێز نییە. بەپێچەوانە هەڵوێستی شکست خوازانەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی کە گۆیا بزووتنەوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی شکستی هێناوە، خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بەردەوامە و ئەمڕۆ قۆناغی کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتە خوڵقاوەکانی ئێستا و قۆناغی پێکهێنانی دەرفەتی نوێ بۆ هێرش کردنە سەر بنەماکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. هەر لەم بوارەدا لەسەر گرینگی هێنانە مەیدانی هێزی سۆسیالیستی چینی کرێکار و لەسەر گرینگی مانگرتنی کرێکاری لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری وێڕای ئاوێتەکردنی خواستی ئابووری و سیاسی جەخت کرا. لە درێژەدا نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان، کەسایەتیە ناسراوەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و کەسایەتیە سیاسیەکان پەیامەکانی خۆیان بۆ کۆنگرە خوێندەوە، کە لەلایەن بەشداربووانەوە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا

لە دەستووری جەلەسەی پەیوەندیدار بە بارودۆخی سیاسیی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قەیرانی گشتگیر و پێکهاتەیی نیزامی سەرمایەداری کە هەموو بوارەکانی ئابووری لە سەرتاسەری جیهان گرتووەتەوە، هەوڵی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم قەیرانە و توندبوونەوەی قەیرانی ژێئۆپۆلیتیکی درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هاوکاتبوونی پەرەسەندنی قەیرانەکان وێڕای لاوازبوونی پێگەی ڕێبەرایەتی ئەمریکا بەسەر جیهان و ئاکامەکانی، درێژەی شەڕی ئیمپریالیستی ئۆکراین و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە دژبە نەتەوەی فەلەستین، تایبەتمەندیەکانی دەورەی تێپەڕبوونی ئێستا بەرەو سەقامگیربوونی جیهانێکی چەندجەمسەری، بەشێکی دیکە لە باسەکانی ئەم بوارە بوون. ئەم قەیرانانە و بارودۆخی پڕ لە ئاڵوگۆڕی جیهان، هاوکات بەستێنی پەرەسەندنی دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی ناتەبای فەراهەم کردووە. لەلایەکەوە شایەدی گەشە و جموجۆڵی ڕەوتە ڕاستە توندڕەو و نێئۆفاشیستەکانین کە لە نەبوونی بەدیلێکی بەهێزی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستیدا توانیویانە تووڕەیی و نارەزایەتیی بەشێک لە کۆمەڵگا دژبە بارودۆخی ئێستا بەلاڕێدا بەرن و بەگژ باڵی چەپی کۆمەڵگا و پەنابەرانیان داکەن. لە لایەکی دیکەوە شایەدی جموجۆڵی تازەی چینی کرێکار لە ئەمریکا، گەشەی خەباتی کرێکاری لە ئورووپا، ئەفریقای باشوور، ئەمریکای لاتین و شوێنەکانی دیکەین و لە هەمان کاتدا شایەدی گەشەی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان دژبە هەڵاواردنی نەژادی و جنسیەتی، لەدژی شەڕ و جینۆساید و لە پێناو دیفاع لە ژینگەین. لەسەر بەستێنی ئەم جموجۆڵ و چالاکییە کۆمەڵایەتیانە، شکڵ گرتنی هێزێکی چەپی کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی دژەسەرمایەداری کە لە هەموو ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەدا بوونی هەیە و خۆی وەک بەدیلی




سۆسیالیستی دژبە وەزعی مەوجوود پێناسە دەکات، بووەتە واقعیەتێکی عەینی

لە باسی پەیوەندیدار بە بارودۆخی سیاسی ئێران بەشێوەیەکی دیاریکراوتر پێگەی چین و توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا تیشکی خرایە سەر و پێگەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و پێگەی بزووتنەوەی داکۆکی لە ژنیگە درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە بەشێک لەم باسەدا تەئکید کرا کە ئەگەر ژنان ڕۆڵی پێشەنگیان لە بزووتنەوەی ژینادا نواندووە و لە هەموو بوارەکانی چالاکیی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە نارەزایەتیەکاندا دەورونەخشێکی چالاکیان هەبووە، ئەم دیاردەیە ڕیشەی لە ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی قووڵتردایە. لەماوەی زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودا، ژنان بە هەر ڕادەیەک کە توانیبێتیان پاشەکشەیان بە نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزیی دەسەڵاتدار بکەن و خویان لە کارکردن لە سووچی ماڵ ڕەها کردبێ و بەرەو بازاڕی کاری غەیرە ڕەسمی و خوێندنی باڵا ڕۆیشتبن، بە هەمان ڕادە بۆ خستنە ژێر پرسیاری کلتووری کۆنەپەرستانەی پیاوسالاری و یاسای دژەژنی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە پێگەیەکی باشترەوە. گەشە و پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێرانیش کە ئەمڕۆ بووەتە یەکێک لە چالاکترین بزووتنەوە کرێکارییەکانی جیهان، ڕیشەی لە گەشە و پەرەسەندنی سەرمایەداریی ئێران، چوونەسەری بەرچاوی جەمعیەتی کرێکاران و چەند بەرابەر بوونی جەمعیەتی کرێکارانی سەنعەتیدایە. چینی کرێکاری ئێران بە وەها بزووتنەوەیەکی مەزنی مانگرتن و بە پشت بەستن بە ڕێبەران و کادرە لێهاتووەکانی، کە لە ڕیزەکانی خۆیدا پەروەردەی کردوون، فورسەتی ئەوەی پەیدا کردووە تا بەسەر کەموکوڕییەکانی بواری ڕێکخستنیدا زاڵ بێت و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی، خەبات دژبە سزای ئێعدام و خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیجباری، ڕێبەریی خەبات لەپێناوی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بگرێتە دەست. هەروەها لە باسی پەیوەندیدار بە بارودۆخی سیاسی ئێران پێگەی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی ئێران و هەوڵەکانیان بۆ بەلاڕێدابردن و تێکشکاندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا ئاماژەی پێدرا و لەسەر پێویستیی ڕۆشنگەری سەبارەت بە ناوەرۆکی ستراتێژی سیاسی و کردەوەی ئەم ڕەوتانە و پەرەپێدانی ئاسۆی سۆسیالیستی لەناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تەئکید کرا

یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە پێشکەشی کۆنگرە کرا، بەڵگەی ئەساسنامەی پێداچوونەوە کراو بوو. ئەم سەنەدەش لەلایەن بەشداربووانی کۆنگرەوە درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و دوای گونجاندنی چەند ئیسلاحاتێک پەسندکرا

لە کۆنگرەی ١٤دا ئەو ئیمکانە فەراهەم کرا کە هاوڕێیانی میوان لە کۆنگرەدا دڵسۆزانە و بە هەستی بەرپرسایەتیەوە تێبینی و ڕەخنەیان سەبارەت بە بەڵگەنامە سیاسییەکان دەربڕن و لەم ڕێگەوە یارمەتیدەری کۆنگرە بن لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانی. کۆیگشتی ئەم سەنەدە سیاسیانە و هەروەها سەنەدی ئەساسنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دوای گونجاندنی چەند ئیسلاحاتێک بە زۆرینەی دەنگەوە لەلایەن کۆنگرەوە پەسند کرا

ڕاپۆرتی چالاکیی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی حیزب و لێکدانەوەی چالاکییەکانیان دەستووری جەلەسەیەکی دیکەی کۆنگرە بوو. لەم بەشەدا ڕاپۆرتی چالاکیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزب، کۆمیتەی تەشکیلاتی شارەکانی ئێران، ڕاپۆرتی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب لە شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، ڕاپۆرتی گۆڤاری جەهانی ئێمرووز و سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حیزب و کۆمەڵە، کەناڵی تەلەڤیزیۆنی حیزب و کۆمەڵە، ڕاپۆرتی دەفتەری پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان و ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی ماڵی پێشکەشی کۆنگرە کرا. بەشداربووانی کۆنگرە ڕەخنەیان لە کەموکوڕییەکان گرت و لەسەر پێویستی بەهێزکردنی چالاکیەکانی حیزب لە هەموو بوارەکان جەخت کراوە

دەستوور جەلەسەیەکی دیکەی کۆنگرە پێڕاگەیشتن بە قەرار و بڕیارنامە پێشنیارکراوەکان بە کۆنگرە بوو. لەم پەیوەندییەدا کۆنگرە پێڕاگەیشتن بە قەرارە پێشنیارەکراوەکانی بە کۆمیتەی هەڵبژێردراوی خۆی سپارد. دوایین دەستووری جەلەسەی کۆنگرە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لەم بەشەدا ئەندامانی کۆنگرە لەناو بەربژێرەکاندا، ١٩ کەسیان وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵبژارد کە بریتین لە هاوڕێیان: ڕووناک ئاشناگەر، هەڵمەت ئەحمەدیان، ڕۆژین ئەمینی، ئارەزوو بێکەس، ڕەئووف

پەرستار، نوسرەت تەیموورزادە، شەمسی خورەمی، مۆختار دێهدار، ناسر زەمانی، حەسەن شەمسی، ئەحمەد عەزیزپوور، ئارام فەتاحی، ئارام فەرەجوڵلاهی، ئەڵماس فەڕزی، محەممەد کەماڵی، سەلاح مازووجی، سەدیقە محەممەدی، جەلال محەممەد نەژاد، ئەردەشیر نەسروڵلا بەیگی

سەرەنجام کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دوای سێ ڕۆژ کاری چڕوپڕ بە وتاری کۆتایی یەکێک لە هاوڕێیانی هەیئەتی بەڕێوەبەری و بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ سروودی هاوپشتیی جیهانی چینی کرێکار سەرکەوتووانە کۆتایی بە کاری خۆی هێنا

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

گەلاوێژی١٤٠٣ی هەتاوی

جولای ٢٠٢٤ی زایینی

❊❊❊

پێشـــــــڕەو

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥

٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤

٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧

# گرتن و لێپرسیەوەی منداڵان لە کوردستان، نیشانەی ترسی کۆماری ئیسلامییە



لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا مەئموورانی دەزگا ئەمنیەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە شارەکانی کوردستان دەستبەسەرکردن و ئەزیەت و ئازاری منداڵانیان پەرەپێداوە. ئەم دەزگا سەرکوتگەرە حەوتوی ڕابردوو ٢٠ منداڵ و تازەلاوی ١٣ تا ١٨ ساڵی دانیشتووی ئاوایی "نێ"ی سەربە شاری مەریوان یان بانگ کردۆتە ئیتلاعات. ئەشکەنجەگەرانی حکوومەتی ئیسلامی ئەم منداڵانەیان بەتوندی خستووەتە ژێر توندوتیژی و هەڕشە و لێپرسینەوە. تا ئەو جێیە کە یەکێک لەم منداڵانە تووشی تەشەنوج و کێشەی دەروونی بوە و حاڵی تێکچوە و بەکرێگیراوانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران مەجبوور بوون ڕەوانەی ناوەندێکی دەرمانی بکەن. هۆکاری ئەم دەستبەسەرکردنە، وەک هەمیشە تۆمەتی پڕ و پووچ و بێبنەمای چالاکی تەبلیغی دژبە نیزامی ئیسلامی و بە قازانجی یەکێک لە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بووە. دەزگا سەرکوتگەرە ئەمنیەتیەکان هەوڵیان داوە لەم ڕێگەوە بۆ ئەوان و بنەماڵەکانیان بەئامانجی بارمتەگرتنی سیاسی و ماڵی دوووسێی سازی بکەن. پیلانگێڕی و تۆمەتێکی گژیم کە خەڵکی کوردستان دەمێکە لەگەڵیان ئاشنان

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی چوارشەممە ٤٢ی مانگی گەلاوێژ لە مەهاباد سێ کەس لەوانە ژنێک و دوو منداڵ کە یەکیان تەنها ١٣ ساڵی بوو لەلایەن هێزە ئەمنیتییەکانەوە دەستبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کراون. تۆمەتی ئەم کەسانە لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی ئیسلامیەوە هێشتا ڕوون نەکراوەتەوە. ڕۆژی هەینی ٢٦ی مانگی گەلاوێژیش هەواڵی دەسبەسەر کردنی منداڵێکی ١٥ ساڵ تەمەن بەناوی ئاریا یووسفی خەڵکی بۆکان بڵاوکرایەوە، کە هێزە سەرکوتکەرە ئەمنیتیەکان لە گرتووخانەی شاری ماکۆ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەتوندی خستبوویانە ژێر ئەشکەنجەی وەحشیانەوە تا شوێنی مانەوەی دایکی "فاتمە داوەند"، لە زیندانیانی سیاسی پێشوو، ئاشکرا بکات. ئەم دایکە تێکۆشەرە لە دەستبەسەرکراوانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی دژبە حکوومەتی ئیسلامی بوو کە بێدادگا دژەئینسانیەکانی حکوومەتی ئیسلامی ئەویان بە تۆمەتی بێ بنەمای "تێکدانی نەزمی گشتی، دروستکردنی بشێوی، لابردنی حیجاب و پیلانگێڕی دژبە ئەمنیەتی وڵات ( واتە ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی)، بە زیندان و شەللاق مەحکووم کردبوو. هەروەها دادستانی گشتی ڕژیم لە کرمانشاش لەوپەڕی بێشەرمیدا باسی لە دەسبەسەرکردنی دوو تازەلاوی بەکارهێنەری ئینتەرنێت کرد. تۆمەتی ئەم دوو کەسە دروستکردنی تەفرەقە و هاندانی خەڵک لە ڕێگەی کردنەوەی دوو ئەکاونت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تێلەگڕام و ئینستاگرام ڕاگەیەندراوە

دەستبەسەرکردنی منداڵان و ئازاردان و ئەزیەت کردنیان لەلایەن حکوومەتی ئیسلامی بە ئامانجی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا، نیشانەی ئەوپەڕی ترس و وەحشەتی سەرانی ڕژیمە لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی نیزامی ئیسلامی. ئەم ڕژیمە کۆنەپەرست و دژەئینسانە کە لە سێبەری خۆشی دەترسێ منداڵانیش بە دوژمنی خۆی دەزانێ. هەڵبەت منداڵانیش لە ئێران کۆماری ئیسلامی بە دوژمنی خۆیان دەزانن. چونکە منداڵان یەکەمین قوربانیانی پەرەسەندنی قەیرانەکانی حکوومەتی ئیسلامی بوون. لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پەرەسەندنی بێکاری و گرانی و هەژاریی بنەماڵەکان، ژمارەی منداڵانی کار و شەقامی بەشێوەیەکی بێ وێنە پەرەپێداوە. ئەگەرچی ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بڵاوبوونەوەی ئامارێکی ورد سەبارەت بە ژمارەی منداڵانی کار و شەقام، منداڵانی بەجێماو لە خوێندن بەهۆی هەژاری و بێکاری ڕێگری دەکەن، بەڵام کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوو، ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ئیسلامی دانی بەوە دانا کە هەژاریی بنەماڵەکان بووەتە هۆی ئەوەیکە ١٥ لە سەدی منداڵان لە ئێران ناچار بن بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان و یارمەتیدانی بنەماڵەکانیان دەست بدەنە کاری سەخت و دژوار و ١٠ لەسەدی منداڵان هەر بەم هۆکارە لە خوێندن بێبەری دەبن. کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر چارەنووس و داهاتووی منداڵان نەتەنیا حازر نەبووە بوودجەیەک بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسایی بۆ منداڵان تەرخان بکات، بەڵکوو ئەوان بە موزاحم و ژانەسەر بۆ خۆی دەزانێ. چەند مانگ لەمەوبەر زاکانی شارەداری دز و گەندەڵی تاران و "یاریدەدەری سەرۆک کۆمار لە بواری ئازارە کۆمەڵاتییەکان"، گەڵاڵەیەکی بۆ کۆکردنەوە و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ منداڵانی کار و شەقام ئامادە کرد تا بە هاوکاریی پۆلیس و دەزگای قەزایی بەڕێوەبچێت. زاکانی بێشەرمانە قەولی دابوو کە: "بە تەرحێکی زەربەتی ئەوان کۆدەکاتەوە و ڕوخساری شار لە منداڵانی کار و شەقام پاک دەکاتەوە". ئاشکرایە گەڵاڵەیەک کە بە هاوکاری پۆلیس و دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامی بەکردەوە دەربێت، شێوازێکی تێکەڵ بە توندوتیژی و جەنایەتکارانە دەبێت. ئەم شارەدارە گەندەڵە کە خۆی و مفتەخۆرەکانی دیکەی حکوومەت لە ڕێگەی کاری کرێکاران و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە ژیانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەرانیان بۆ خۆیان پێکهێناوە، ناتوانن لەوە تێبگەن کە بۆچی ئەم منداڵە بێ تاوانانە لەجیاتی خوێندن

و یاریکردن مەجبوورن لە شەقامەکان ڕوو بکەنە زبڵگەڕی و لەژێرزەمینەکان و لە کارگا نائەمنەکاندا کاری سەخت و دژوار ئەنجام بدەن و شەوانە لەسەر شەقامەکان بخەون و بکەونە داوی مافیای "بەرادەرانی قاچاخچی"ی خۆیەوە؟

ئەگەرچی بارودۆخی دڵتەزێنی منداڵانی کار و شەقام ڕیشەی لە موناسەباتی نیزامی سەرمایەدارییدایە و بەرهەمی پەرەستاندنی هەژاری و برسیەتییە، بەڵام لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک کوردستان و سیستان و بەلووچستان منداڵانی کار لەگەڵ مەترسیی زیندان و ئەشکەنجەش بەرەوڕوون. حاکمانی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستن و درێژەدان بە دەسەڵاتەکەیان کە بێجگەلە هەژاری و برسیەتی و شەڕ و نائەمنی دەستکەوتێکی دیکەی بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش نەبووە، لە هیچ جۆرە جەنایەتێکی دژەئینسانی بۆ نموونە لە ئەزیەت و ئازار و ئەشکەنجە و زیندانی کردنی منداڵانیش دەست ناپارێزن. بێگومان ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکوومەتی شۆرایی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، ڕێبازی دەستەبەرکردنی ئازادی و شادی و ڕەفاه بۆ منداڵانیش

***

## بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ، لە دەرس و ئەزموونەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرەوە فێربین

٢٨ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی هێرشی نیزامیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستانە. چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر لە وەها ڕۆژێکدا، خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و لەشکرەکانی جەهل و کۆنەپەرستی بۆ سەرکوتی کۆمەڵانی خەباتکار و شۆڕشگێڕی کوردستان وەڕێ خست. ڕژێمێک کە بڕیاری دابوو کەش و هەوای شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران دامرکێنێتەوە و کارێک کە ڕژیمی شا دەستی پێکردبوو بە سەرئەنجام بگەیەنێ. ڕژیم نەیدەتوانی بە تایبەت کەش و هەوای شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان تەحەمول بکات. بەڵام خەڵکی کوردستانیش لە سەرووی هەموویانەوە کمونیستەکان بڕیاریان دابوو کە لەو ئازادی و دەسکەوتە شۆڕشگێڕانەی کە بۆ خۆیان بە دەستیان هێنابوو دیفاع بکەن. خەڵکی کوردستان دەیانەویست لەو دەسکەوتانەی کە بەدەستی بە توانای خۆیان بەدیان هێنا بوو پاریزگاری بکەن و لە هەمان کاتیشدا داخوازیەکانی خۆیان لە دەوڵەتی ناوەندی لەڕێگەی بڕیارنامە ٨ ماددەیەکان لە مهاباد و سنە کە بە پەسەندی نوێنەرانی خەڵک گەیشتبوو بە دەوڵەت تەحویل درابوو. بەڵام ئەوەی کە خومەینی دەیهەویست دامرکاندنەوەی شوور و شەوقی خەڵک و سەرکوتی ئیقلاب بوو. کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا کە توانیبووی ئیعتراز و موبارزاتی کرێکاری و جەماوری خەڵک لە ڕادەیەکی بەرین و سەرتاسەریدا سەرکوت و خەڵتانی خوێن بکات، شۆراکان و ڕێکخراوەکان لە باقی شوێنەکانی ئێران هەڵوەشێنێتەوە، کەش و هەوای ئیختناق و سەر کوت لە زانستگاکاندا پێک بێنێ و کومیتەکان و سپا سەر و سامان بدا و ئەرتەش سەرلەنوێ سازمان بداتەوە، لەوە زیاتر نەیدەتوانی شاهیدی گەشە و پەرەستاندنی کەش و هەوای شۆڕشگێڕانە لە کوردستان بێت و دەیهەویست بە هەر جۆرێک بووە ئەم سەنگەری دیفاع لە ئازادی و ئیقلاب لە سەر ڕێی خۆی لابەرێ.

ئەگەرچی کەشوهەوای شەڕ، شور و شەوقی خەباتکارانە لە کوردستان تێکەڵاو بە خەمی لە دەست دانی ئازیزان کرد و کارەسات گەلێکی وەک ئێعدامی منداڵان لە پاوە، ئێعدامی ١٧کەس لە سەقز، شەڕوانان لە پادگانی مەریوان و شۆڕشگێڕان لە فرۆکەخانەی سنە بە دەستی خەڵخاڵی جەللاد و قەتڵوعامەکانی قارنا و قەڵاتان و ئیندرقاش و زۆر شوێنی دیکە درێژەی پەیدا کرد، بەڵام گڕوتینی خەباتکارانەی کۆمەڵانی خەڵک و هەوڵ دانیان بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانیان و پاشەکشە کردن بە دوژمنانی داگیرکەر کەمی نەهێنا و خەڵکی خەباتکار لە سەنگەری دیفاع لە ئازادی و ئیقلاب سەربەرزانە ڕاوەستان، کە هەموو ئەمانە لە مێژوی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستاندا تۆمار کراوە. ٢٨ی گەلاوێژ ساڵرۆژی تۆمار کردنی ئەم مێژوە و ساڵرۆژی ڕێزگرتن لە خۆڕاگری و موبارزە و فیداکاری ژنان و پیاوانێکە کە ئەم مێژووەیان خولقاند

لە ڕەوتی هێرشی ڕژیم زەرەر و زیانی زۆری گیانی و ماڵی قەرەبوو نەکراوەی لێکەوت، بەڵام تەسلیم نەبوو. ئەوان بە دوژمنانی خۆیان ڕاگەیاند کە سەرەڕای هەموو ئیمکاناتی نیزامی و ئینسانی کە هەیانە ناتوانن خەڵکانێک کە بۆ مافی ڕەوای خۆیان موبارزە دەکەن، ناچار بە تەسلیم بوون بکەن. دوای ئەوەیکە پاش سێ مانگ ڕاوەستانی چەکدارانەی پڕ لە فیداکاری و حەماسە سەرئەنجام ڕژیم ناچار بە پاشەکشە کرا، خەڵک بە تایبەت جەوانان توانیان بە لێهاتوویی و سازماندانی کاروباری کۆمەڵایەتی بە شێوەی ڕاستگۆیانە و دیموکراتێک کۆمەڵگا ئیدارە و بەڕێوە بەرن. توانیان ئەمنەیتی گەڕەکەکان بە شێوەی کۆمەڵایەتی سەقامگیر کەن. دابەشکردنی خواردەمەنی و باقی پێداویستیەکانی خەڵک سازمان بدەن. خزمەتگوزارییەکانی پزشکی و دەرمانی ڕێکبخەن. مەدرەسە و ئیدارەکان سەر لەنوێ دەست بەکار بکەنەوە و گیروگرفتەکانی خەڵک چارەسەر بکەن و ئەخلاق و کردەوەی پێشڕەو و ئینسانی پەرە پێ بدەن. تەنانەت لە ئاموزش و فێر کردنی هەڵخەڵەتاوان و تەشویق کردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ ناو ڕیزی خەڵک غافڵ نەبوون. زۆربەی ئەولاوانەی کە تووشی مادەی هۆشبەریش ببوون، بەشێوەیەکی ئوسولی و ئینسانی لەو پەتایە رزگار کەن



زۆری نەخایەند کە هێرشی لەناکاو و بەرینی هێزی پێشمەرگە لە لایەک و ئیعتڕازاتی ڕۆژانەی خەڵک لەسەر شەقامەکان لە لایەکی دیکە، تەرازووی هێزی بە قازانجی خەڵک گۆڕی و ڕژیمی ناچار بە پاشەکشە و ئاگربەست و هاتنە سەر میزی وتوویژ کرد. گەڕانەوەی سەرلەنویی پێشمەرگەی سازمانە سیاسییەکان بۆ شارەکان و پێشوازی شکۆداری خەڵک لێیان و پەرە ئەستاندنی هەڵسووڕانی سیاسی و شکڵ گرتنی شۆراکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و دەسەڵاتی خەڵک بە سەر چارەنووسی خۆیاندا، بە کردەوە شکستی هێرشی دڕندانەی ڕژیمی لە ٢٨ گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا ڕاگەیاند و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی تازە لە موقاومەت و موبارزە. خەڵکی کوردستان ئەگەرچی

ماوەی ٦ مانگ کە کۆماری ئیسلامی خەریکی خۆ ئامادە کردن بۆ هێرشێکی سەرلەنوێ بوو، کۆمەڵە سەرەڕای ئەو کەندو و کۆسپانەی کە لایەنەکانی دیکە لە ناوەوەی کوردستان دەیان هێنا سەرڕێی، لە تەداروکی ئامادە کردنی زەینیو عەینی خەڵکی کوردستان بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هێرشێکی چاوەڕوانکراوی سەرلەنوێ ڕژیمی ئیسلامی بوو. کۆماری ئیسلامی لە وتوویژێکی واقعی لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان خۆی دەبوارد و بە مانۆڕی فریوکارانە خەریکی کڕینی وەخت بۆ خۆی بوو. بەم شێوەیە لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی١٣٥٩دا جارێکی دیکە هێزەکانی خۆی لە چەند جبهەوە لە سنوورەکانی کوردستان نزیک کردەوە و سەرئەنجام هێرشی خۆی لە کامیارانەوە دەست

پێکرد و لە دەروازەکانی شاری سنە نزیک بووەوە. بەڵام لەگەڵ مقاومەتی قارەمانانەی ٢٤ ڕۆژە لە شاری سنە بەرەوڕوو بوو. ئەم موقاومەتە لە باقی شار و گوندەکانی دیکەی کوردستانیشدا سەنگەر بە سەنگەر لەئارادابوو. ڕژیم نەیتوانی هیچ سەنگەرێک بە بێ تێپەڕین لە خۆراگری ئازایانەی خەڵک بە دەست بێنێ. خۆڕاگری چەکدارانە بو چەندین ساڵ درێژەی پەیدا کرد و هێزەکانی ڕژیمی لە کوردستان زەمینگیر کرد. ئەگەرچی ڕژیم توانی بە زۆری هێزی نیزامی سەرکەوتنێک بە دەست بێنێ، بەڵام هیچ کات و هەتا ئیستاشی لەگەڵ بێ نەیتوانیوە خەڵکی کوردستان ناچار بە تەسلیم بکات. خەڵکی کوردستان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا درێژە پێداوە و کوردستانی شۆڕشگێر هەروا چەقڵی چاوی رژیمی ئیسلامییە

ئەگەرچی خۆڕاگری لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بەرین و سەرتاسەری بوو، بەڵام تەرازووی هێزی ناوخۆیی، بۆ بەرەوپێش بردنی بەرنامەی دەسەڵاتی جەماوەری خەڵک لە کوردستان، لە هەموو شوێنێک وەک یەک نەبوو. سەرەڕای جیاوازی گەلێک کە لێرە و لەوێ بەرچاو دەکەوت، سەرەرای بەرتەسک بوونی کات، بەڵام خەڵکی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە خوارەوە لە ئەزموونی حاکمیەتی شۆرایی بەهرەمەند بوون ، ئازادی بی قەید و شەرتیان تەجروبە کرد، پاشماوەکانی نیزامی دەرەبەگایەتیان ڕامالی، زەوی بەو کەسانە بڕا کە کاریان لە سەر دەکرد، ژنان لە ڕادەیەکی بەریندا هاتنە مەیدانی هەڵسووڕانی سیاسییەوە، فێرکردن و بارهێنانێکی پێشکەوتووخوازنە چەقەرەی کرد، بۆ یەکەمین جار ئیتر خەڵک خۆیان لە ژێر باری ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیدا نەدەدیت، خۆڕاگرییەک کە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان پێک هات لە واقعدا دیفاع لە دەسکەوتەکانیان بوو. سەرەکیترین کەموکوڕی، کەم بوونی ئەزموون و کەم بوونی کات بۆ ئامادە کردنی کادری بە توانا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بوو. کۆمەڵانێک کە ساڵیانی ساڵ دەسەڵاتی سەرکوت و چەوسێنەرانەی حکوومەتی پاشایەتیان بە سەرەوە بوو، ڕێکخراوەیەک کە لە دڵی کۆمەڵگایەکی ژێر ستەم و خەفەقاندا سەری هەڵ دابوو بۆ لابردنی ئەو کەموکوڕیانە پێویستی بە کات و ساتی زیاتر هەبوو. مەترسی هێرشی کۆماری ئیسلامی و بوونی کوردستان بە مەیدانی شەڕ بە ناچار مقاومەتی چەکدارانەی خستە سەروی هەموو خەبات و موبارزەیەک و کاتی پێویست بۆ قووڵ کردنەوە و بەرین بوونەوەی ئەو دەستکەوتانەی لێ ئەستاندەوە

ئێستا لە چل و پێنجەمین ساڵرۆژی ٢٨ی گەلاویژدا چاوێک دەگێڕین بەسەر دەرس و ئەزموونەکانی ئەو خۆڕاگری و موقاومەتە پڕ لە هەڵسوکەوت و قارەمانیەتیە

یەکێک لە گرینگترین دەرسەکانی ئەم تەجروبە ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە بە هەموو هێزەوە وتاری دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان بەرینە ناو جەماوەری خەڵکەوە و لە هەر شوێنێک کە ئیمکانی هەبێ دەستبەجێ سازماندانی شۆراکانی شوێنی کار و ژیان دەست پێبکەین

لەگەڵ هاتنی یەکەمین شنەی ئازادی و باشتر بوونی هاوسەنگی هێز، کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی چەوساوەی کوردستان دەبێ لە خوارەوە و لە ڕێگای پێکهێنانی شۆراکان، ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی شۆرایی دامەزرێنن. لەم پەیوەندیەدا ئەزموونی شۆراکانی گەڕەک لە شاری سنە (بنکەکان) بۆ ئیمە ئەزموونێکی بەنرخە

لە یەکەمین هەنگاودا دەبێ دەست بە پێکهێنانی شۆرای گەرەکەکان، کارگاکان و ئاواییەکان بکەین. لە هەنگاوەکانی دواییدا بە گۆڕانی تەرازووی هێز بە قازانجی بەرەی شۆڕش، دەبێ دەست بکەین بە پێکهێنانی شۆرای شارەکان. لە واقیعدا بە پاشەکشەی ڕژیم دەبێ جێگای خاڵی دەسەڵات و بەڕێوەبردن پڕ بکەینەوە

بە پرژ و بڵاو بوونی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە کوردستان، کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دەبێ لە ڕادەیەکی بەریندا چەکدار بن و بە هێزی خۆیان دەسکەوتەکانی دەسەڵاتداریەتی خۆیان بپارێزن

دەبێ دەستبەجێ تەواوی یاساکانی هەڵاواردن دەرحەق بە ژنان هەڵوەشێنەوە و بەرابەری ژن و پیاو لە هەموو کاروباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییدا ڕاگەیەندرێت

دەبێ ئەسڵی ئازادی بێ قەید و مەرجی سیاسی و جیایی دین لە دەوڵەت و فێرکردن و بارهێنان ڕاگەیەندرێت

دەبێ بەر لە هەموو شتێک بۆ وەڵام دانەوە بە داخوازیە ئابووریەکانی خەڵک، بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ فەقیری و هەژاری نەخشەی دیاریکراومان هەبێ

دەبێ بەر بە هەر چەشنە تەفرەقە و جیاکردنەوەیەکی ڕەگەزی و مەزهەبی بگرین

دەبێ دڵسۆزانە و بە بەرپرسایەتییەوە بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی تێبکۆشین و بەرنامەی دیاریکراومان بۆی هەبێ

دەبێ بەپێی نەخشە ڕێگایەکی بە کردەوە و بنەڕەتی و بە پشت بەستن بە حزووری کۆمەڵانی خەڵک لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا، لە هەر تێکهەڵچوونێکی چەکدارانەی هێزە سێاسییەکان ڕێگری بکەین، رادیکالیزم لە وەها مەیدانێکدا مانای واقعی خۆی پەیدا دەکات

کۆمەڵە وەک بەستێنی ئەسڵی بزووتنەوەی سوسیالیستی لە کوردستان بە هاوکاری باقی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان و لە پەیوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتیەکان لە سەرتاسەری ئێران، لێبڕاوانە هەوڵ بدا کۆمەڵگای کوردستان لە قۆناغە ئاستەم و دژوارەکان سەرکەوتووانە دەرباز بکات

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە مەحکووم کردنی شەپۆلی نوێی ئێعدام

## خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و ئازادیی زیندانیانی سیاسی بکەینە بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی

لەدوای شکستی شانۆکانی هەڵبژاردن و تیرۆری ئیسماعیل هەنییە لەلایەن دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە تاران کە بووە هۆی شەرمەزاری و سەرشۆڕیی بەرینی کۆماری ئیسلامی، سەرانی ڕژیم بەئامانجی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئاکامەکانی ئەم شکستانە و پەرەپێدانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگا، ماشێنی ئێعدامیان خێراتر کردووەتەوە. تیرۆری هەنییە لە تاران بۆ جارێکی تر هاتوهاواری ڕژیمی سەبارەت بە "ئیقتداری کۆماری ئیسلامی" بۆ جەماوەری خەڵک لە ناوەوە و دەرەوی ئێران پووچەڵ کردەوە و پێگەی ناوچەیی ڕژیمیشی زیاتر لە ڕابردوو لاواز کرد. کۆماری ئیسلامی نیگەران لە سەرهەڵدانی نارەزایەتیی جەماوەری لەدژی گرانی و هەژاری و نەهامەتی ئابووری و لەدژی سیاسەتی شەڕخوازانەی ناوچەیی، دەستی کردووە بە پەرەپێدانی سەرکوت و شەپۆلی ئێعدامی زێندانییانی بێدیفاع. هەڵبەت ئەوە یەکەم جار نییە کە ڕژیمی ئیسلامی بە دوای شکستی سیاسەتە سەرەکییەکانی، هێرش دەکاتە سەر گیانی زیندانییان و خوێنیان دەکاتە وەسیقەی درێژەدانی دەسەڵاتە نگریسەکەی.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئاگاداربوون لە بۆشایی و دوژمنایەتی قووڵ لە نێوان حکوومەت و جەماوەری خەڵک، باش دەزانێ کە لەسەر چ دەریایەک لە نەفرەت و بێزاریی خەڵکی ستەملێکراو حکوومەت دەکات. دەزانێ کە هەموو ساتێک ئەگەری ئەوە هەیە تەقینەوەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتی ڕوو بدات و دەسەڵاتی دیکتاتۆری و هەژاری و برسیەتی بە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەنێ. هەربۆیە بەئامانجی پێکهێنانی ترس و نائەمنی لە کۆمەڵگا، بە کەڵک وەرگرتن لەو فەزا جەنگییەی کە ئێستا پێکهاتووە، سەرکوت و ئێعدامی زیندانییانی پەرەپێداوە. لەماوەی یەک حەفتەی ڕابردوودا بەرەبەیانیی ڕۆژی شەممە ١٣ی مانگی گەلاوێژ حکوومەتی ئیسلامی سێ

بەندکراوی لە زیندانی عادڵ ئابادی شیراز ئێعدام کرد. ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ ڕەزا ڕەسایی لە دەستبەسەرکراوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینای لە زیندانی ناوەندیی کرمانشا و چوار زیندانی دیکەی لە بەندەرعەباس و سەبزەوار ئێعدام کرد. ڕۆژی ١٧ی مانگی گەلاوێژ، لە زیندانی قزڵحەسار و زیندانی ناوەندیی کەرەج، حکوومەتی ئیسلامی گیانی ٢٩ ئینسانی دیکەشی گرت. ڕۆژی هەینی ١٩ی مانگی گەلاوێژیش دیوانی باڵای ڕژیم حوکمی ئێعدامی ٦ زیندانی دیکەی لە مەشهەد پشتڕاست کردەوە. بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکانی ڕژیمی ئیسلامی لەماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا زیاتر لە ٣٠٠ کەس ئێعدام کراون کە ژمارەیەکی زۆریان کورد، بەلووچ و پەنابەری ئەفغانستانی بوون. لەم ماوەیەدا ئێعدام و دەستبەسەرکردنی ژنانیش بەشێوەیەکی بێوێنە زیادی کردووە تا ئەوجێیە کە لەم ژمارە ئێعدامکراوانە ١٥ کەسیان ژن بوون. ڕژیمی ئیسلامی بە دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ چالاکانی ئەم بزووتنەوە، لەوانە شەریفە محەممەدی، پەخشان عەزیزی، وریشە مۆرادی و نەسیم غولامی سیمیاری، بۆ جارێکی دیکە زەبوونی و داماویی خۆی لە بەرامبەر بزووتنەوەی ژناندا نیشاندا. هەروەها لەماوەی حەفتەی ڕابردوودا سێ بەندکراوی دیکەی خەڵکی بۆکان لە دادگایەک لە ورمێ بە تۆمەتی خۆرافی "بەغی" دادگایی کران.

پەنابردنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ سیاسەتی ئێعدامکردنی زیندانییانی خەباتکار و بێدیفاع لەناو زیندانەکان نەک نیشانەی هێز و دەسەڵات بەڵکوو نیشانەی ئەوپەڕی داماوی و بێتوانایی ڕژیمە. حوکمەکانی ئێعدام لە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی کاربەدەستانی دەزگا ئەمنییەکان و بە بێ بوونی هیچ دەلیل و بەڵگەیەک تەنها بە وەرگرتنی ئێعترافی ئیجباری لەژێر ئەشکەنجەی وەحشیانەدا دەردەکرێت. ئەم حوکمە سیاسییانە لە ڕوانگەی ڕژیمی پرتووکاوی ئیسلامییەوە لە خزمەت درێژەی دەسەڵاتەکەیدایە. چونکە خۆی باش دەزانێ کە هەر پاشەکشەیەک لە بەرابەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی پەرەستاندنی زیاتری نارەزایەتیی جەماوەری لەدژی حکوومەت. بەڵام ئەم ئێعدامانە نەتەنیا نەبوونەتە هۆی ترس و وەحشەت لەناو کۆمەڵگا بەڵکوو عەزم و ئیرادەی کرێکاران و جەماوەری وەگیانهاتوو لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی قایمتر دەکات. لەئێستادا ژنانی تێکۆشەر، زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیشیان کردووەتە گۆڕەپانی خەبات لەدژی سزای ئێعدام. هەڵمەتی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام، کە ئێستا پێی ناوەتە ٢٩هەمین حەفتەوە، لە زیاتر لە ١٨زیندانی شارەکانی ئێران بەردەوامە.

حکوومەتی ئیسلامی کە لە قەیرانی پێکهاتەیی و ڕیشەیی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیدا گرفتارە، بەرەوڕووی داخوازیی کرێکاران و باقیی توێژەکانی کۆمەڵگا بووەتەوە و توانای وڵامدانەوەی بە هیچکامیان نییە، زیاتر لە ڕابردوو لاواز و بێ پایە بووە. ئەم ڕژیمە کە هەتا ئێستا جگە لە هەژاری و بێکاری و برسیەتی و شەڕ و کوشتار، ئیستبداد و زەبروزەنگ و نائەمنی، ئێعدام و زیندان و ئەشکەنجە، هیچ دەستکەوتێکی دیکەی بۆ خەڵک نەبووە، تەمەنی کۆتایی هاتووە. دانانی ڕێفۆرمخوازێکی ملکەچ و خزمەتکاری ویلایەت لەسەر کورسی سەرۆک کۆمار، نەتەنیا ناتوانێ وەهم و خۆشباوەڕی لەناو خەڵک دا بەرابەر ڕژیم دروست بکات، بەڵکوو ناکۆکی و ململانێی نێوان باندەکانی دەسەڵات قووڵتر و بەرینتر دەکاتەوە.

لە وەها بارودۆخێکدا پێویستە ئاڵای خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و ئازادیی بێ شەرت و مەرجی زیندانییانی سیاسی بەرز بکەینەوە و یەکگرتوو و یەکپارچە بێینە مەیدان. ئێعدام بە ئامانجی سیاسی و بە هەر پاساوێک ئەنجام بدرێ کوشتنی بەئانقەستی دەوڵەتییە و توندوتیژی لەئاستی کۆمەڵگادا پەرەپێدەدات و پێویستە لەڕێگەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزەوە بۆ هەمیشە هەڵوەشێتەوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کە خەڵکی ئێران لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بە "چاو و چرای ئێران" وەسفیان کرد وەک پایەیەکی قایمی هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە لە ئێران پێویستە لەم بوارەشدا دەورونەخشی خۆی لە خەبات دژبە سزای ئێعدام و لە هاوپشتی لەگەڵ باقیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەئاستی سەرتاسەری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بەجێ بێنێت.

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢١ی گەلاوێژی ١٤٠٣

١١ی ئاگۆستی ٢٠٢٤

❋❋❋

# پەیامی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ زیندانیانی سیاسی




کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە بارودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە سەدان کەس لە چالاکان و کەسایەتییە ناسراوەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران، موعەلیمانی خەباتکار، ژنانی ئازادە و بوێر و بەرابەری تەڵەب، خوێندکارانی ئازادیخواز، نووسەران و هونەرمەندانی پێشڕەو، تێکۆشەرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و نارازییان دژبە بارودۆخی ئێستا، لە زیندان و ئەشکەنجەخانەکانی کۆماری ئیسلامیدان. لە سایەی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە جنایەتکارەدا، ژمارەیەک لەم زیندانییە سیاسیانە لەوانە شەریفەی محەممەدی، پەخشان عەزیزی، موجاهد کورکور، عەباس دەریس و ... بە تۆمەتی بێبنەما حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپێندراوە. ئەم ئینسانە خەباتکارانە بەتاوانی داکۆکی لە مافی کرێکار، خستنە ژێر پرسیاری نیزامی هەڵاواردنی ڕەگەزی، دیفاع لە ئازادی و حورمەتی ئینسان، بەتاوانی کەڵک وەرگرتن لە مافی سەرەتایی خۆیان واتە نارەزایەتی بە نیزامی زاڵمانەی حاکم، خراونەتە زیندان و گیانیان لە مەترسیدایە

بەڵام سەرەڕای توندکردنەوەی گوشار بۆسەر بەندکراوان و درێژەی ئێعدامەکان، بەندکراوانی سیاسی، زیندانیشیان کردووەتە سەنگەری خۆڕاگری و خەبات دژبە ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی. ئەگەر سەرانی ڕژیم هەوڵ دەدەن بە پەرەپێدانی گوشار بۆسەر زیندانیان و بە درێژەی شەپۆلی ئێعدامەکان کەشوهەوای ترس و تۆقاندن بەسەر زیندانیاندا زاڵ بکەن و ئەم کەشوهەوایە بۆ دەرەوەی زیندان بگوازنەوە، لەبەرابەردا، زیندانیانی سیاسی، ئەم ژن و پیاوە بێباک و ئازادیخوازانە، زیندانیان کردووەتە گۆڕەپانی خەبات لەدژی سزای ئێعدام و کردوویانەتە بنکەی دیفاع لە ئازادی و حورمەتی ئینسان و هەر ئەم گرتین و خەباتکارییەش بۆ دەرەوەی زیندانەکان دەگوازنەوە. بەهۆی خۆڕاگری و بوێری و خەباتی زیندانیانی سیاسی، زیندانیش هەروەک شەقام و کارخانە و زانکۆ بووەتە یەکێک لە سەنگەرەکانی خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی.

زیندانیانی سیاسی لە هەلومەرجێکدا بەند کراون و لە حزوور لەناو بنەماڵە و کەسوکاریان مەحرووم کراون کە محاکمە و سزا شیاوی ئەو کەسانەیە کە زیاتر لە چل ساڵە لە پەنای دەسەڵاتی جنایەتکارانەی ئیسلامیدا خەریکی تاڵانکردنی سەروەت و سامان و خولقاندنی ئەمنیەت و ئازادیی خەڵکن. لەڕاستیدا کەسانێک شیاوی سزادانن کە ڕۆڵەکانی خەڵک ئێعدام دەکەن و لە گۆڕی بێ ناو و نیشاندا دەیانێژن، نەک چالاکوانانی کرێکاری کە لە مافی ژیانی کرێکاران دیفاع دەکەن. نەک ئەو ژنە ئازادیخوازانەی کە هەڵاواردنی ڕەگەزی و حیجابی

ئیجبارییان خستووەتە ژێر پرسیارەوە. نەک ئەو نووسەر و فیلمساز و هونەرمەندانەی تەسلیمی سانسۆڕ نابن و بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە مافی ئینسانی و سەرەتایی و بنەڕەتیی خۆیان واتە ئازادی ڕادەربڕین کەڵک وەردەگرن. نەک ئەو لاوانەی کە خوازیاری مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و خوازیاری مافی دیاریکردنی شێوازی ژیانی خۆیانن

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک داکۆکیکاری لێبڕاوی ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسی و بیروباوەڕ، وەک ڕەوتێک کە وەدیهێنانی وەها ئازادیگەلێک بە پێشمەرجی گەشە و پشکووتنی توانا و داهێنانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ئینسانەکان و بە هەنگاوێک لە مەسیری شۆڕشی کرێکاری و سۆسیالیستی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر و خۆشبژێو دەزانێت، بۆ جارێکی دیکە لە تریبوونی کۆنگرەی ١٤ەوە هاوپشتی خۆی لەگەڵ زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی ئەم ئازیزانە و دایکان و بنەماڵە دادخوازەکان ڕادەگەیەنێت. بەشداربووانی کۆنگرەی ١٤ وێڕای ڕاگەیاندنی هاوپشتی قووڵی خۆیان لەگەڵ ئەم ئازیزانە لەسەر گرینگی سیاسی بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات بۆ ئازادیی بێ شەرت و مەرجی هەموو زیندانیانی سیاسی ، جەختیان لە هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام کردەوە

ئێمە، هەموو خەڵکی تێکۆشەری ئێران بۆ پشتیوانیکردن لە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و بنەماڵە دادخوازەکان بانگەشە دەکەین. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان هەوڵ دەدەین لە کەشوهەوای شۆڕشگێڕانەی ئێستادا، لە بارودۆخێکدا کە گڕوتینی خەبات سەرتاسەری کۆمەڵگای داگرتووە، خواستی ئازادی زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بکەوێتە سەرووی خواستەکانی خەباتی کرێکاران و جەماوەری ناڕازییەوە. بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری هوشیار و یەکگرتوو، ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی برووخێنن، دەرگای زیندانەکان بشکێنن و زیندانیانی سیاسی لە باوەشی گەرمی ئازیزانی خۆیان و جەماوەری ڕاپەڕیودا، سروودی ئازادی و سەرکەوتن بڵێنەوە

کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

گەلاوێژی ١٤٠٣ی هەتاوی

ئاگۆستی ٢٠٢٤ی زایینی

***

# پەیامی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ بنەماڵەی گیانبەختکردوان




کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سڵاو و دروود دەنێرێ بۆ هەموو بنەماڵەی گیانبەختکردووانی ڕیزەکانی حیزب و کۆمەڵە و گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم، کە ئازیزانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات لەدژی ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی، لەپێناو ڕزگاری ئینسانی چەوساوە گیانیان بەختکردوە. سڵاو و دروود دەنێرێ بۆ هەموو ئەو بنەماڵە جەرگسووتاوانەی کە ڕۆڵەکانیان لە سۆنگەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و لە ئاخێزە جەماوەریەکانی ساڵانی ڕابردوو خوێنیان ڕژایە سەر شەقامەکان. سڵاو و دروود دەنێرێ بۆ بنەماڵەی ئەو کرێکارانەی کە بە تاوانی خەبات بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان درانە بەر گوللەی دژمن کەوتن. سڵاو و دروود دەنێرێ بۆ بنەماڵەی هەموو ئەو ئینسانانەی لەناو زیندانەکانی ڕژیم گیانیان لەپێناوی ئازادیدا بەختکرد. سڵاو و دروود ئاراستەی ئەو دایکانە دەکات کە لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ڕۆڵەکانیان لە جیاتی لەباوەش گرتنی ئەژنۆی غەم، بوێرانە و بە دەنگی بەرز ڕایانگەیاند کە تۆوی ئازادییان چاندووە و فێری خۆڕاگرییان کردین

ئەم شەپۆلانەی کوشتار و ئێعدامی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چ لەسەر شەقامەکان و چ لە زیندانەکان غەم و پەژارەی قورسی خستە ناو دڵی بنەماڵەی گیانبەختکردووان و هەموومانەوە. بەڵام بێگومان ڕژیمی تاوانکاری ئیسلامی بەم شەپۆلانەی سەرکوت نەتەنیا ناتوانێ شکستە سیاسی و ئایدیۆلۆژیک و فەرهەنگیەکانی داپۆشێ، قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی قەرەبوو بکاتەوە و مانەوەی دەسەڵاتەکەی زەمانەت بکا، بەڵکوو نەیتوانیوە و ناشتوانێ ئینسانە ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبەکان چاوترسێن بکات

لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا گرانی، بێکاری و هەژاری و نەهامەتی ئابووری و بێمافیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان گەیشتوونەتە ئاستێکی لەتاقەت بەدەر و جەماوەری خەڵک ئیتر شتێکیان بۆ لەدەستدان نییە کە بترسێن. درێژەی مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران، ناڕەزایەتی لێبڕاوانەی خانەنشینان، خەباتی بێباکانەی ژنان و زیندانیانی سیاسی و توێژەکانی تر، نیشانەی ئەو واقعیەتیە کە پەرەپێدانی شەپۆلی ئێعدامەکان بە ئامانجی گەڕاندنەوەی کۆمەڵگا بۆ قۆناغی بەر لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا تەنها تووڕەیی و ناڕەزایەتی جەماوەر زیاتر پەرەپێدەدات و تۆفانی کۆمەڵایەتیی بەهێزتر بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتی ئیسلامی بەدوای خۆیدا دێنێت

بنەماڵە ئازیزی گیانبەختکردوان!

ئێمە بەشداربووانی کۆنگرەی ٤١ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پەیمان تازە دەکەینەوە کە ڕێگای سووری گیانبەختکردووان هەتا ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی نیزامێکی نوێ درێژە دەدەین. نیزامێکی کۆمەڵایەتی کە تیدا هیچ بنەماڵەیەک ئازیزەکەی لەبەر هەبوونی بیر و باوەڕی سیاسی، لەبەر داواکردنی ئازادی و نان لەدەست نەدات. کۆمەڵگایەک کە تێیدا هەموو جۆرەکانی کوشتار و ئێعدامی ئینسانەکان وەک کوشتنی بەئانقەستی دەوڵەتی، وەک کردەوەیەکی نگریس و نەشیاو پێناسە بکرێن و پەتی سێدارە و هەموو ئامرازەکانی کوشتن بۆ هەمیشە بخرێنە ناو زبڵدانی مێژووەوە. کۆمەڵگایەک کە ئامانجی سەرەکیی دابینکردنی ئازادی و بەرابەری و ڕەفاهی ئینسانەکان بێت

کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڵێنی قووڵی خۆی بۆ درێژەی خەبات لەپێناوی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران ڕادەگەیەنێت. ئەم بەڵێنیە لە بەرپرسیارێتی حیزب بەرامبەر بە کرێکاران، زەحمەتکێشان و هەموو بنەماڵەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەموو ئەوانەی وا لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ئازیزانیان لە ڕێبازی ڕزگاریی ئینسان لە چنگ نەهامەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری لەدەست داوە

ڕێگای گیانبەختکردووانی ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، ڕێگای گیانبەختکردووانی ئازادی و سۆسیالیزم بەردەوام درێژەی هەیە

کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

گەلاوێژی ١٤٠٣ی هەتاوی

ئاگۆستی ٢٠٢٤ی زایینی

***

# پەیامی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق بۆ کۆنگرەی چواردەهەمی حزبی کۆمۆنیستی ئێران



هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئامادەبوانی کۆنگرە، لەلایەن (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)، و لەلایەن خۆشمانەوە وەک هەیئەتی ئەو ڕێکخراوەوە، وێڕای سوپاس بۆ بانگهێشتنەکەتان، پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی چواردەهەمتان لێ دەکەین، هیوای کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و پڕ دەسکەوتتان بۆ دەخوازین

هاوڕێیان جیهانی سەرمایەداری و ئیمپریالیستی ئەمڕۆ ڕۆچۆتە نێو قەیرانێکی قوڵی هەمەلایەنە و لەچارنەهاتوو، کێشمەکێش و کێبڕکێی زلهێزە ئیمپریالیستەکان تا دێت توندوتیژی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت بۆ پەیداکردنی ناوچەی نفوز و باڵا دەستی جیۆپۆلەتیکی و هەژموونی جیهانی، سڵیش ناکەنەوە لە هەڵگیرساندنی جەنگ لە پێناویدا، هەر وەک لە ئۆکرانیا و فلستین و زۆر شوێنی تری جیهان لە ئارادایە

دەوڵەتانی بۆرژوازی و ئیمپریالیستی کۆمەڵگایان ڕاپێچکردۆتە نێو جەنگ و جینۆساید و هەژاری کوشندە و کۆچی ملیۆنی و کارەساتە ژینگەییەکان، وە لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی و زانستییە لە جیهانی ئەمڕۆدا، لەگەڵ ئەم هەموو سەروەت و سامانە زۆرەدا، هەژاری و بێکاری و بێبەشییەکی لە ڕادەبەدەریان بەسەر جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێشدا سەپاندووە، لەپێناو ماکسیمالیەتی قازانجدا

ئەم بارودۆخە نا ئینسانی و قەیرانە کۆمەڵایەتییە، کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوانی هێناوەتە مەیدانی خەبات لە دژی سەرمایەداری و دەسەڵاتە ئیسلامی و قەومییەکانی، بەڵام ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ئەمڕۆ لەژێر هێرشی دڕندانەی حکومەتەکان، لەژێر هەوڵی ڕەوتە بۆرژوازی و حزبە جۆراوجۆرەکان، لە ژێر هەوڵی زلهێزە ئیمپریالیستەکان و نوێنەرە لۆکاڵییەکانیاندایە، بۆ چەواشەکردن و نەزۆک کردنیان بە مەبەستی ڕێگری کردن لە دروستبوونی هێڵی چینایەتی سەربەخۆ و شکستپێهێنانی

هاوڕێیان جیهانی ئەمڕۆ لە ناڕەزایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کەم نییە، لە شەپۆلی گەورەی خۆپێشاندان و ڕاپەڕین و شۆڕشی کەم نییە، ئەوەی لەم نێوەدا ئەرکی کۆمۆنیستەکانە بریتییە لە ئاسۆدارکردنیان بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و ئینتەرناسیونالیستی، وە ڕێکخراوکردن و ڕابەرایەتی کردن و ئاڕاستە کردنیان ڕووەو شۆڕشی سۆشیالیستی، تا ڕیزی چینایەتی سەربەخۆیان پارێزراو بێت و بەدوور بن لەوەی تەسلیم بە ڕەوت و جەرەیاناتی بۆرژوا ئۆپۆزسیۆن و لیبرال و ڕیفۆڕمخواز بن و نەکەونە پاشکۆی هێزە پۆپۆلیستیە فریودەرەکان

سەرمایەداری ئەمڕۆ بە واقعی جیهانی کردووە بە شارۆچکەیەک و سنوری نێوان دەوڵەتان لەبەرامبەر کەڵەکە و بەرژەوەندی سەرمایەدا تا دێت کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە، لە جیهانی ئەمڕۆدا دەبینین کە هەر چەند وڵاتێک لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا لە هەولدان پڕۆژەیەکی زەبەلاحی ستراتیژی و ئابووری وەڕێبخەن و لەگەڵ یەکێک لە زلهێز و قوتبە جیهانییەکانی ئیمپیریالیستیدا پڕۆژە ستڕاتیژەکانیان بەرنەپێشەوە. بەم پێیە سەرمایەداری وەک چۆن زەمینەی بلۆکبەندی و قوتبەندی بورژوازی لە ناوچە جوگرافیا جۆراوجۆرەکاندا دێنێتە ئاراوە، ئاواش زەمینەی مادی ئینتەرناسیونالیزمی پڕۆلیتاری لەو ناوچە جوگرافیایانەدا فەراهەم دەکات

ئەمڕۆ لەهەر کات زیاتر هاوپشتی و یەکێتییەکی ئینتەرناسیونالی پڕۆلیتاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زەمینەی مادی فەراهەم بووە و بۆتە زەرورەتێک بۆ بردنە پێشەوە و بەئاکام گەیاندنی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان

مارکسیزم و ڕەوتی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ و پڕۆلیتاری کە ئەم دەورانە بە گوڕ و تەوژمێک و هێزێکی نوێوە خەریکە ئاوێزان دەبێتەوە بە بزوتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوەی حزبییەوە، لە سەریەتی ئەم تایبەتمەندییەی ئەم دەورەیە تەشخیس بکات و لەئاست ئەم ئەرکەدا بیت

دووبارە سڵاوی گەرمی خەباتکارانەی کۆمۆنستیتان ئاراستە دەکەینەوە و بەگەرمی دەستان دەگوشین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین

٢٠٢٤-٧-٢٦

❊❊❊

## لە ئەزموونی ئاخێزی جەماوەری بەنگلادشەوە فێربین؛

## بۆ جارێکی تر ئاخێزی جەماوەر بووە قوربانیی سات و سەودا لە سەرەوە

یەکی جولای ٢٠٢٤، شەقامەکانی شاری داکا، پایتەختی بەنگلادش، شاهیدی ناڕەزایەتی جەماوەری بە پێشەنگایەتی خوێندکاران و بە ڕێبەری گرووپی "خوێندکاران بەدژی هەڵاواردن" بوو. ئەم ناڕەزایەتییانە دوای ئەوە دەستیپێکرد کە دادگای باڵای بەنگلادش یاسای دامەزراندنی نایەکسان لە پیشە دەوڵەتییەکان، کە ساڵی ٢٠١٨ هەڵیوەشاندبووەوە، دووبارە پەسندی کردەوە. ڕۆژی دووشەممە ٥ی مانگی ئاگۆست، شێخ حەسینە، سەرۆک وەزیرانی بەنگلادش لەژێر گوشاری ناڕەزایەتیە جەماوەرییەکان و بە ئیجباری ئەرتەش، دوای ١٥ ساڵ دەستی لە کار کێشایەوە و لەم وڵاتە ڕایکرد. هەموو بەڵگەکان ئەوە نیشان دەدەن کە کاربەدەستانی باڵای ئەرتەش، حەسینەیان ناچار بەوە کردووە کە لە دەسەڵات واز بێنێت. چونکە سەران و فەرماندەکانی ئەرتەش هەوڵی ناوبراو بۆ لەسەر کار مانەوە و سەرکوتی خوێناویی ناڕەزایەتییەکانیان بۆ چینی دەسەڵاتداری بەنگلادش بە مەترسی دەزانی. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە بەشێک لە چینی کرێکار لەوانە کرێکارانی سەنعەتی جل وبەرگ وەک گرینگترین سەنعەتی بەنگلادش بەم ناڕەزایەتییانە پەیوەست ببوون، چینی دەسەڵاتدار لەوە دەترسا کە درێژەی مانگرتن لەم ڕشتە سەنعیەتیە ببێتە هۆی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووریی وڵات؛ تێکدانی پڕۆسەی بەدەستهێنانی قازانجی سەرمایەداران و گەشەکردنی ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران. سێ ڕۆژ دواتر واتە پێنجشەممە ٨ی مانگی ئاگۆست، محەممەد یونس، شارەزای ئابووری و براوەی خەڵاتی نۆبێل، وەک سەرۆکی دەوڵەتی کاتیی بەنگلادش دیاری کرا و سوێندی یاسایی خوارد

بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان، لە جەریانی هێرشی هێزە ئەمنیەتیەکان و پۆلیس و هەروەها لات و چەقۆکێشانی لایەنگری حیزبی "لیگی عەوامی" یان "لیگی خەڵک" و ڕێکخراوی خوێندکارانی سەربەم حیزبە بۆسەر خوێندکارانی ناڕازی بە فەرمانی دەوڵەتی حەسینە، لانیکەم ٤٤٠ کەس کوژراون و هەزاران کەسیش دەستبەسەرکراون. هەرچەند هەموو نیشانەکان ئەوە دەڵێن کە ئاماری ڕاستەقینە، زۆر لەم ژمارانە زیاترن. لە کاتێکدا کە پۆلیس ئیدیعای ئەوە دەکات کە تەنیا گوللەی پەلاستیکی دژبە خۆپیشاندەران بەکارهێناوە، ڕاپۆرتی نەخۆشخانەکان نیشان دەدەن کە زۆرێک لەم قوربانیانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی گوللە لە سەریان گیانیان لەدەستداوە. هەروەها بە فەرمانی دەوڵەت، زانکۆکان، خوێندنگاکان و ناوەندەکانی تری پەروەردە داخران؛ ئینتێرنێت و تەلەفون لەکارخران و ژمارەیەکی زۆر لە سایتەکان فیلتێر کران. دەوڵەت لە وتوویژ لەگەڵ خوێندکاران خۆی بوارد و وتی کە خوێندکاران "کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن". بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەرتەشی لەدژی خۆپیشاندەران هێنایە مەیدان و فەرمانی تەقەی ڕاستەوخۆی بە پۆلیس دا. سەرۆک

وەزیران لە درێژەی هەڕەشەکانی لە خوێندکاران، ئەوانی بەدرزن ۆ هاوئاراستەیی لەگەڵ ئەحزابی ڕەقیبی حیزبی میللی بەنگلادش و حیزبی جەماعەتی ئیسلامی تۆمەتبار کرد. بەڵام خوێندکاران ڕاشکاوانە ئەم تۆمەتانەیان ڕەت کردەوە. چونکە حیزبی میللی بەنگلادش وەک حیزبێکی دەستەڕاستی، کاتێک لە دەسەڵاتدابوون، هیچ بەزەیەکیان بە کرێکاران و خوێندکاران و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگادا نەهات و خوێندکارانیش ئەمە بە باشی دەزانن

ناڕەزایەتی کرێکاران بەخێرایی هەموو وڵاتی داگرت. کرێکاران و خەڵکی ئاسایی کە لە کوشتاری خوێندکاران لەلایەن پۆلیسەوە تووڕە بوون وپەیوەستی خۆپیشاندان بوون.



ئەگەرچی ناڕەزایەتیەکان لەلایەن خوێندکارانەوە و لەدژی یاسای دامەزراندن لە پیشەکانی دەوڵەت دەستی پێکرد، بەڵام زۆری نەخایاند کە توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا کە کاسەی سەبریان لە دەوڵەت و حیزبی دەسەڵاتدار و لە هەژاری و بێکاری و گرانی و حەقدەستی یەکجار کەم و لە سەرکوتی نەیاران، لێوڕێژ ببوو، بەم خۆپیشاندانە پەیوەست بوون. لە بەنگلادش هەژاری، بێکاری و گرانی بەرین، ژیانی زۆرینەی کۆمەڵگای سەخت و دژوار کردووە. نزیک بە ١٨ ملیۆن گەنج لەوانە دەرچووانی زانکۆ لەئێستادا بێکارن و بەپێی ئامارەکان، نزیک بە ٢٠ لە سەدی دانیشتووانی ئەم وڵاتە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. لە بەنگلادش ١٠ لەسەدی دەوڵەمەندترینەکان، ٤١ لەسەدی داهاتی ئەم وڵاتەیانبەدەستەوەیە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ١٠ لەسەدی توێژی خوارەوەی کۆمەڵگا تەنها ١٠٣لەسەدی داهات وەردەگرن. پێویستە بوترێ کە کرێکارانی جل وبەرگ لە بەنگلادش بەتوندی دەچەوسێنەوە و بەشێکن لە بێمافترین کرێکارانی جیهان و مانگانە بە حەقدەستی نزیک بە ١٠٠ دۆلار کار دەکەن

فەرماندەی ئەرتەش ژێنێڕاڵ "واکر ئۆززەمان" کە وەکوو هەموو ئەرتەشەکانی جیهان ئەرکی سەرەکیان پاراستنی سەرمایە و سەرمایەدارانە، وێڕای ستایشی سەرۆک وەزیرانی کاتی، یونس محەممەد، وتی: "دڵنیام کە لەگەڵ ئەو ڕەوتێکی جوان و دیموکراتیک ئەزموون دەکەین کە بە قازانجی هەموومانە". یونس محەممەد وەک کەسێکی دەستە ڕاستی و دامەزرێنەری بانکی "گرامین" کە بە کەسانی هەژار قەرزی بچووک دەدات و کارداهێنان وەک ڕێگاچارەیەک بۆ هەژاری خەڵک کە لە ئەساس دا ئامانجی چەوساندنەوە و قازانجپەرستی سەرمایەیە، بانگەشە دەکا. بێگومان دەوڵەتەکەشی دەوڵەتێکی سەرمایەداریی دەستی ڕاستی دەبێت. کە ئەرکی سەرەکیی پشتیوانی لە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار، وەبەرهێنەرانی دەرەکی و زلهێزەکانی سەنعەتی جل وبەرگ و پەرەپێدانی چەوساندنەوەی کرێکاران دەبێت. ئەرکی ناوبراو پاراستنی نەزمی سەرمایە و درێژەی سیاسەتەکانی ڕیازەتی ئابووری و خسووسی سازییەکانی دەوڵەتی شێخ حەسینە دەبێت. کە لایەن سندووقی نێونەتەوەیی پارەوە دادەسەپێندرێت

ئەزموونی هەموو شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم و ئاخێزە جەماوەرییەکانی سەدەی بیست و یەک و ئەزموونی ئاخێزەکانی میسر، توونس، سریلانکا و زۆر شوێنی تری دنیا ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەگەر چینی کرێکار خۆی وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەربەخۆ ڕێبەریی خەبات بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتەکان و چینی سەرمایەداری نەگرێتە دەست و بە گرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەی کۆمەڵگا بەدەستەوە نەگرێت، لە نەبوونی ئامادەیی چینی کرێکاردا، هێزە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی بە یارمەتیی ئەرتەش و پۆلیس دەسەڵات لەڕێگەی سات و سەودا لەسەرەوە داگیر دەکەن و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا هەروا بەردەوام لەگەڵ بێکاری و چەوسانەوە و هەژاریی بەرین و باقیی نابەرابەرییە کۆمەڵایەتیەکان بەرەوڕوو دەبنەوە. کەوابوو مەسەلەی سەرەکی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان چ لە بەنگلادش، چ لە ئێران و چ لە هەر شوێنێکی تری دنیا، کە لە سەرکوت و بێکاری و هەژاری و بێداهاتی و بێ ئاسۆیی ڕەنج دەبەن، ئەوەیە کە ئاوات و ئارەزووەکانیان بۆ پێکهێنانی ژیانێکی بەرابەر و ئازاد و خۆشبژێو تەنها لەڕێگەی خەباتی لێبڕاوانە بە ئاسۆی گەش و ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی و بە هێرش کردنە سەر بەرژەوەندییەکانی سەرمایە دێتە دی

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆ هاوپشتی لەگەڵ مانگرتنی بەرینی پەرستاران

مانگرتنی پەرستاران لە ١١ی گەلاوێژەوە دەستیپێکرد و بەخێرایی نەخۆشخانەکانی زیاتر لە پازدە شاری ئێرانی گرتەوە. پەرستاران و بەگشتی کارمەندانی ناوەندە دەرمانیەکان زیاترین فیداکاریان لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا لە خۆ نیشان دا، بەڵام ڕژیمی ئیسلامی بە هیچ کام لە ویست و داخوازیەکانیان وڵامی ئەرێنی نەدایەوە. بۆ نموونە زیادکردنی حەقدەست، هەڵوەشاندنەوەی ئیزافەکاریی ئیجباری، پێدانی حەقدەستی دواخراو، کۆتایی هێنان بە هەڕەشە و دەستگیرکردنی پەرستارانی مانگرتوو لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتیەکانەوە

هاوئاهەنگی پەرستارانی مانگرتووی نەخۆشخانەکان لە شارێک لەگەڵ شارەکانی دیکە و لە پارێزگا جۆراوجۆرەکان، وەبیرهێنەرەوەی ڕێکخراوبوونی ناڕەزایەتی و مانگرتنی موعەلیمان و کرێکارانی پرۆژەیی و موژدەدەری مانگرتنی سازماندراو و سەرتاسەری لە بەشەکانی دیکەی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییە

هێزەکانی سەرکوتی ڕژیمی ئیسلامی بە بانگکردن و هەڕەشەکردن لە پەرستارانی مانگرتوو و بە ڕەوانەکردنی مۆرەکانیان بۆ شکاندنی مانگرتن هەوڵ دەدەن بەربە تەشەنەکردنی ئەم مانگرتنە بۆ نەخۆشخانەکانی دیکە بگرن. داخوازیی پەرستاران بەتایبەت زیادکردنی حەقدەست داخوازیی هاوبەشی دەیان ملیۆن کرێکارە و ڕێخۆشکەری هاوپشتی بەرین لەگەڵ پەرستارانە

مانگرتن لە ناوەندەکانی دەرمان بەهۆکاری دەورونەخشێک کە لە بواری تەندروستی و سلامەتی خەڵکدا هەیانە ناتوانێ گشتی و درێژخایەن بێت و خاوەنکاران و دەوڵەتەکانیش بە کەڵک وەرگرتن لەم بابەتە بەردەوام هەوڵ دەدەن خەڵک دژبە مانگرتووانی ناوەندە دەرمانییەکان هان بدەن. بەڵام خەڵکی ئێران مانگرتنی پەرستاران بە بەشێک لە خەباتی خۆیان لەدژی ڕژیمی ئیسلامی دەزانن و ئەمەش هۆکارێکی گرینگی شکشتهێنانی دەست و پەیوەندەکانی ڕژیمە لە هاندانی خەڵک دژبە پەرستارانی مانگرتوو.

پشتیوانیی کرێکارانی بەشەکانی دیکەی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری لە خواست و خەباتی پەرستاران ڕۆڵێکی سەرەکی لە سەرکەوتنی خەباتی پەرستاراندا دەبینێت. چونکە ئەوان هەروەک هاوکارانیان لە هەموو جیهان بەهۆی کەمکردنەوەی ئازار و پاراستنی گیانی خەڵک ناتوانن مانگرتنەکانیان درێژماوە بێت

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان خۆی بە هاوڕێ و هاوپەیمانی پەرستارانی مانگرتوو دەزانێت و بەش بە حاڵی خۆی بۆ پشتیوانی هەرچی بەرینتر لە خواست و خەباتیان تێدەکۆشێت




بژی هاوپشتیی کرێکاری

نەمێنێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

۲۵ی گەلاوێژی۱۴۰۳ی هەتاوی – ۱۵ی ئاگۆستی۲۰۲۴ی زایینی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کارگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

## بردنەسەری قیمەتی نان هێرشێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ژیانی خەڵک

لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی دارایی و بێتوانایی ڕژیم لە دابینکردنی بوودجەی بەشە جۆراوجۆرەکان، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشێک لە کەسری بوودجەی دەوڵەت چاوی تەماعی بڕیوەتە نانی وشکی سەر سفرەی بەتاڵی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بڕیاری داوە قیمەتی نان بە ڕێژەی ۲۵% بەرێتە سەر. ئەوەش لە بارودۆخێکدایە کە زیاتر لە ۶۰%ی خەڵکی ئێران ساڵەهایە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. بەهۆی کەمبوونەوەی توانای کڕینیان زۆرێک لە خواردەمەنیەکان بۆ نموونە گۆشت، مریشک، ماسی، ڕۆنی کەرە، هێلکە و تەنانەت بەرهەمەکانی شیر و خۆراکە پرۆتێئینیەکانی دیکە لەسەر سفرەیان نەماوە و یان زۆر کەم بوونەتەوە. هەژاری بەجۆرێک فشاری خستووەتە سەر ژیانی بنەماڵەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کە لە هێندێک حاڵەتدا تەنانەت ژەمێکی خواردنیشیان بەناچار کەم کردووەتەوە. تا ڕادەیەک کە کارناسانی بواری خۆراک سەبارەت بە مەترسیەکانی بەدخۆراکی هۆشدارییان داوە و ڕایانگەیاندووە کە ئەم بابەتە بۆ سلامەتی خەڵک هەڕەشەیەکی جیددیە

لە وەها بارودۆخێکدا ڕاوێژکاری وەزیری ئابووریی حکوومەتی ئیسلامی ڕایدەگەیەنێت: "لەبەرئەوە کە تێچووی ئیجارە و بەرق و حەقدەست زیادیان کردووە پێویستە قیمەتی نانیش بچێتە سەر. نانەواکان بۆ خۆشیان لە قیمەتی ئەمڕۆی نان ناڕازین و خوازیاری بردنەسەری قیمەتی نانن". ئەم کاربەدەستە درۆزنەی ڕژیمی ئیسلامی هەوڵ دەدات نانەواکان بە هۆکاری بردنەسەری قیمەتی نان پێناسە بکات و خەڵک بەرەنگاری ئەوان بکاتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕۆژی چوارشەممە ۱۷ی مانگی گەلاوێژ هێندێک لە میدیاکان ئاشکرایان کرد کە دەوڵەت لەگەڵ کەسری بوودجەی یارانەی نان بەرەوڕوویە و ناتوانێ دابینی بکات. لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ۱۴۰۳ دا ڕێژەی یارانەی نان ۱۴۳ هەزار ملیارد تمەن بەرئاورد کراوە کە کەمتر لە ڕێژەی پێویستە بۆ دانی یارانە. هەر ئەوکات ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس پارەی پێویست بۆ یارانەی نانی ۱۹۲ هەزار ملیارد تمەن بەرئاورد کردبوو. لەم ڕووەوە دەوڵەتی وەرشکستەی ئیسلامی تەنیا لە بواری دابینکردنی یارانەی نان بەرەوڕووی کەسری ۴۹ هەزار ملیارد تمەنییە و دەیهەوێ سەرەتا بە بردنەسەری ۲۵%ی قیمەتی نان لە ۱۰پارێزگا، بەشێک لە کەسری بوودجەکەی دابین بکات. ئەوەش لەکاتێکدایە کە لە سەردەمی ڕەئیسی قاتڵ، لەماوەی سێ ساڵدا دوو جار قیمەتی نانی سوونەتیان زیاد کرد و بەگشتی قیمەتی نانیان ۷۰% بردە سەرێ. لەلایەکی دیکەوە هێندێک لە کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی بێشەرمانە هۆکاری کەمبوونی نان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە خەڵک لەڕادەبەدەر نان مەسرەف دەکەن و خەڵک بە زێدەڕۆیی و ئیسراف تۆمەتبار دەکەن. بەم شێوە دەیانهەوێ بێتوانایی و داماویی دەوڵەت لە دابینکردنی بوودجەی ئارد



و سووتەمەنی و هەروەها دزی و گەندەڵی سیستماتیکی کاربەدەستانی باڵای سپای پاسداران و باقیی مەقاماتی حکوومەتی ئیسلامی لەم بوارەدا پەردەپۆش بکەن

بەڵام بێتوانایی حکوومەتی ئیسلامی تەنیا لە بواری پێدانی یارانەی نانادا نییە. دوو حەفتە لەمەوبەر سەرۆکی "بونیادی میللیی گەنمکاران" ڕایگەیاند کە دەوڵەت ۱۰۴ هەزار ملیارد تمەنیش بە گەنمکارەکان قەرزدارە. ئێستا سێ مانگە کە کەشاوەرزەکان گەنمی خۆیان تەحویلی دەوڵەت داوە بەڵام هێشتا پووڵیان پێ نەدراوە و نەیانتوانیوە قەرزەکانیان بدەنەوە و پێداویستییەکانی ژیانی خۆیانی پێ دابین بکەن. ئەم بابەتە لە مانگی جۆزەرداندا بووە هۆی ناڕەزایەتی بەرینی کەشاوەرزان. بەڵام حکوومەتی ئیسلامی وەک هەمیشە بە سەرکوتی وەحشیانەی هێزە ئەمنی و نیزامییەکان وڵامی پێداونەوە. حەفتەی ڕابردوو دیوانی موحاسبات گەندەڵێکی ۷۳ هەزار ملیارد تمەنی دیکەی دەوڵەتی ڕەئیسی لەبواری دابینکردنی یارانەکان ئاشکرا کرد کە تێیدا دەوڵەت بە پینەوپەڕۆ، بانکی مەرکەزی مەجبوور کردووە ۳۱ و نیو هەزار ملیارد تمەن بەدەر لە چوارچێوەی یاسا لە حیسابی هێندێک لە ناوەندە دەوڵەتییەکان هەڵگرێت و وەک بەشێک لە قەرزی دەوڵەت بە گەنمکارانی بدات و بەمجۆرە کێشەکانی دەوڵەتی لە شوێنێکەوە حەواڵەی شوێنێکی دیکە کردووە

سێ حەفتە لەمەوبەر پەروەندەیەکی دیکە لە گەندەڵیی حکوومەت لە بواری ئارد و نان کە خۆراکی ڕۆژانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە ئاشکرا بوو. سەرۆکی گشتیی دادگوستەریی پارێزگای گوڵستان ڕایگەیاند کە دوو ملیۆن کیسە ئارد کە بە بوودجەی تایبەتی یارانەی ئارد کڕدرابوو، ون بووە و دوای ماوەیەک لە بازاڕی ئازاددا فرۆشتراوە. ئەم گەندەڵی و دزییە لەلایەن تۆڕێک لە کاربەدەستانی حکوومەت و خاوەنانی کارخانە ئەنجام دراوە. لە کاتێکدا کە قیمەتی هەر کیسەیەک ئاردی ۴۰ کیلۆیی، ۳۵ بۆ ۴۰ هەزار تمەن بوو، ئەوان دوو ملیۆن کیسە ئاردیان دزیوە و لە بازاڕی ئازاددا بە قیمەتی هەر کیسەیەک ۶۵۰ هەزار تمەن فرۆشتوویانە و لەم ڕێگەوە ۱۲۰۰ ملیارد تمەنیان لە یارانەی خەڵک دزیوە. بە ئیحتمالی زۆر ئەم پەروەندەش چارەنووسی پەروەندەکانی دیکەی دزی و گەندەڵی و ڕانتخۆریی حکوومەتی بەسەر دێت و کارگێڕان و میدیاکانی حکوومەت کە خۆیان تێیدا بەشداربوون لە بەدواداچوونی ڕێگری دەکەن. عەلی خامنەیی گەلێک جار ئەم دزی و گەندەڵییە گەورانەی حکوومەتی بە "ڕووداو" پێناسە کردووە و بە پاساوی ئەوەیکە دوژمن دەیهەوێ لەم ڕێگەوە زەربە لە بەرپرسانی نیزام بدات، لە بەدواداچوونی ئەم پەروەندانە ڕێگریی کردووە

قەیرانی دارای و بێتوانایی ڕژیمی ئیسلامی لە دانی خەرجە پێویستەکانی ژیانی خەڵک بێجگەلە قەیرانی پێکهاتەیی نیزامی سەرمایەداری، هۆکاری ڕیشەیی دیکەشی هەیە. لەوانە: گەندەڵی و دزی و ڕانتخۆری سیستماتیکی حکوومەت؛ چوونەسەری دە بەرابەریی بوودجەی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی هێزی نیزامی و ئەمنیەتی؛ هەزینەی زەبەلاحی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و مووشەک و درۆن کە ئاکامەکەی داسەپاندنی ساڵەها تەحریمی جەنایەتکارانەی ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری ئورووپا بووە و ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگای نوقمی هەژاری و نەهامەتی کردووە

بێگومان زیادکردنی ۲۵%ی نرخی نان کە سەرەکیترین خۆراکی سەر سفرەی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێرانە، ئەویش

لە کاتێکدا کە ساڵەهایە بە حەقدەستی سێ – چوار قات ژێر هێڵی هەژاری ژیانێکی سەخت و هەژارانە دەبەنە سەر، بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران گران تەواو دەبێت. خامنەیی خۆی لە مەترسی سەرهەڵدانی ئاخێزی سەرتاسەری و گشتیی کرێکاران و توێژەکانی تر ئاگادارە. ئەو باش دەزانێ کە ناتوانێ بە سەرکوت درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدات. لە مەراسمی تەنفیزی حوکمی پزیشکیانیشدا ئەم نیگەرانییەی نەشاردەوە و هۆشداری دا کە ئەولەویەتی سەرەکیی دەوڵەتی چواردەهەم دەبێ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان بێت. بەڵام خامنەیی خۆی لە گێلی و نەزانی دەدات. ئەگینا باش دەزانێ کە پزیشکیانیش هەروەک هەموو سەرۆک کۆمارەکانی پێشووی حکومەتی ئیسلامی لەم بوارەدا بەردەستێکە و هیچی لەدەست نایە

***

## ئامانجی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی لە ڕێپێوانی ئەربەعین



دوای ڕووخانی ڕژیمی دیکتاتۆری سەدام حسێن لە عێراق، ئێستا نزیک بە ٢٠ ساڵە کە بۆنەی "ئەربەعین"، یان چلەمین ڕۆژی کوژرانی ئیمامی سێهەمی شیعەکان لە کەربەلا، بووەتە هۆیەک بۆ قودرەت نەمایی کۆماری ئیسلامی. ئەمساڵیش ناوەندەکانی سەربە بەیتی ڕێبەری و بەسیج و سپای پاسداران لە هاوئاهەنگی لەگەڵ دام و دەزگای پروپاگەندەی حکومەت هەموو توانای خۆیان بۆ هێنانە مەیدانی هەرچی زیاتری خەڵک بۆ بەشداری لە گاڵتەجاڕی سیاسی ڕێپێوانی ئەربەعین خستۆتە کار. مەسعوودی پزیشکیان سەرۆک کۆماری ملکەچ و خزمەتکاری ویلایەت بە بەشداری لە کۆبوونەوەی ستادی ئەربەعین یەکێک لە فەرمانە سەرەتاییەکانی سەرۆک کۆماریی دەرکرد و وتی: "هەموو ئەو ناوەند و بەشە دەوڵەتییانەی کە لە بەڕێوەبردنی ڕێپێوانی ئەربەعیندا بەشدار دەبن، ئەرکی سەرشانیانە کە بەڵێنەکان لە ئاست ئەربەعین بە باشترین شێوە بەجێ بێنن. دابینکردنی ئەسبابی ئاسایش و ڕەزامەندی زیارەتکارانی ئەربەعین دەبێ لە پێش هەمووکارێکا بێ". بەپێی بەڵگەیەک کە لەم دواییەدا ئاشکرا بوو، کارگرووپێکی وەزارەتی بەناو "تەعاون، کار و ڕفاهی ئیجتماعی" بڕیارێکی دەرکردووە کە بەپێی ئەم بڕیارە دەبێ لە سەرجەم سندووقەکانی خانەنشینی سەربەم وەزارەتخانە بڕی ٢٥٠ملیارد تمەن وەربگیرێت و بۆ ئامانجگەلێکی وەک مەراسیمی ئەربەعین خەرج بکرێت

پێکهێنانی ستادێک بە ناوی ستادی ئەربەعین و تەرخانکردنی بوودجەیەکی زەبەلاح بۆی، دروستکردنی شوێنی پشوودان و خواردن و خواردنەوەی بەخۆڕایی لە درێژایی ڕێپێوان، ئەویش لە بارودۆخێکدا کە بەرینایی هەژاری و فەلاکەتی ئابووری ژیانی توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگای سەخت و تاقەت پڕووکێن کردووە، هەر هەمووی قەرارە لە خزمەت ئامانجی ناوخۆیی و ناوچەیی ڕژیمدا بێت. کۆماری ئیسلامی لە پێناو ئەم ئامانجانەیدا و لەسەر بەستێنی پەرەسەندنی قەیرانی سیاسی و شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەوڵی داوە بە پەرەپێدانی تەفرەقەی مەزهەبی و شیعەگەری لە وڵاتانی جۆراوجۆر و بە پشتیوانی کردنی هەمەلایەنە لێیان، پێگەی سیاسی خۆی لە کێشمەکێشەکانی ناوچەییدا بەهێز بکات. لەپێناو ئەم ستراتێژییەدا، وڵاتانی لوبنان، سووریە، یەمەن، عێراق و ئەفغانستان بەبیانووی جۆراوجۆر بوونەتە مەیدانی ڕمبازێنی سپای قودسی پاسدارانی ڕژیم. لەو نێوەدا عێراق بە سەرەنجدان بەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەسەریدا هاتووە و زۆربوونی ژمارەی شیعەکانی بۆ ڕژیم گرینگییەکی ستراتێژیکی هەیە

ڕژیمی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٠ ڕێکخراوی سیاسی - سەربازیی حیزبوڵای لوبنانی بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ئیسرائیل و کاریگەری ئەمریکا و ڕۆژئاوا دامەزراند. لە عێراقیشدا بە پێکهێنان و پاڵپشتیکردنی گرووپە سیاسی و سەربازیە شیعەکان وەک ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق و سپای بەدر هەوڵیدا ئاسانکاری و پێداویستی دەستێوەردانەکانی داهاتووی خۆی لەم وڵاتەدا دابین بکات. هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق و ڕووخانی سەدام حسێن و سەرهەڵدانی شیعەکان لە حکوومەتدا، ڕژیمی ئیسلامی ئێرانی بۆ بەدواداچوونی پلانەکانی خستە دۆخێکی باشترەوە. لە درێژەی دەستێوەردانەکانی لە عێراق، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە ڕێکخستنی میلیشیای سەربازی حەشدی شەعبی ئامادەیی سەربازی خۆشی مسۆگەر کرد. حەشدی شەعبی بە بوون بە پیادەنیزامی عەمەلیاتی هەوایی ئەمریکا لە شەڕی وەرگرتنەوەی مووسڵ لە داعش و دواتر بە دەورونەخشی لە لەشکرکێشی بۆسەر کوردستان لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧پێگەی خۆی لە دەسەڵاتی سیاسیی عێراقدا بەهێز کرد. حەشدی شەعبی لەئێستادا پێگەیەکی هاوشێوەی سپای پاسدارانی لە پێکهاتەی هێزە چەکدارەکانی عێراقدا پەیدا کردووە. بەشێکی بەرین لە بوودجەی سەربازی عێراق بۆ ئەم هێزە تەرخان دەکرێ. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەروەها لەژێر چاوەدێر سپای قودس و بە یارمەتی دەست و پەیوەندەکانی خۆی، سەرمایەگوزاریی بەرینی لە نەجەف، کەربەلا، سامرا و کازمین کردووە و سەدان هۆتێل، ناوەندی تیجاری و دارودەستەی مەزهەبیی لەو شارانە خستووەتە ڕێ

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە لەژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتیی جەماوەری لە ئێران زەنگی مەترسی بۆ کۆماری ئیسلامی لە عێراق هاتووەتە دەنگ. ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشانی دا کە ڕێکخستنی "هێزەکانی میحوەری مقاومەت" لە ناوچەکە، دەستێوەردانی نیزامی و چوونە ناو کێبەرکێی تەسلیحاتی، نەیتوانی بەربە هێرشی بێ نرخ کردنی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئیسرائیل بگرێ. لە لایەکی دیکەوە لەناو مەرجەعییەتی مەزهەبی لە حەوزەی نەجەف دژایەتی لەگەڵ سیاسەتە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستێوەردانی سیاسی و نیزامیی لە عێراق، پەرەی سەندووە. لەناو حیزب و هێزە سیاسییەکانی شیعەشدا پێداگری لەسەر پێناسەی عێراق و ناسیۆنالیسم عەرەبی زیاتر لە ڕابردوو دەبینرێ. نەفرەت و بێزاریی گشتی لە کۆماری ئیسلامی لەناو جەماوەری ستەملێکراوی عێراق زیاتر لە هەموو کاتێک پەرەی سەندووە. لە سۆنگەی ڕاپەڕینی خوێناویی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ کە ئێستاش وەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش جاروبارە سەرهەڵدەداتەوە، خەڵکی تووڕە و ناڕازی لە بەسرە و بەغدا و کەربەلا گەلێک جار وێڕای وتنەوەی دروشم دژ بە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی، هێرشیان کردۆتە سەر کۆنسوولخانەی ڕژیم و دەفتەری حیزبە ئیسلامیەکانی سەربە ڕژیم و ئاگریان تێبەرداون. واتە کۆماری ئیسلامی لە عێراقیش کەوتۆتە بەر نەفرەت و بێزاری گشتی. بەڵام بە پشت بەستن بە ڕەوتە کۆنەپەرستە شیعە ئیسلامیەکان و بە تاکتیکی سەرکوت و تیرۆر خۆی دادەسەپێنێ

ئەم گۆڕانکارییانە لە عێراق و شەپۆلی ناڕەزایەتی دژبە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی خۆی بووەتە بەربەستێکی گەورە بۆ ڕژیم کە لەسەر تەفرەقەی مەزهەبی و هێزی شیعە بۆ بەڕێوەبردنی نەخشە ستراتێژیکەکانی لە ناوچەکە، حیسابی کردووەتەوە. لەم ڕووەوە یەکێک لە ئامانجێکی کۆماری ئیسلامی لە وەرێخستنی ڕێپێوانی ئەربەعین بەو هەموو خەرجانەی کە بۆی دەکات، بەهێزکردن پێگەی لاوازی خۆی لە عێراقە. ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە ڕێپێوانی ئەربەعین و هەراوهەنگامەی بێوێنە ئەو جاری، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەترسی هەڵگیرسانەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە بارودۆخی شکستە یەک لە دوای یەکەکانی شانۆی هەڵبژاردنەکانە

***

# شێعر

## ژیان نامەی کچە کوردێکی ئیزیدی لا پەڕەیەکی ڕەشی دیکە لە بە کۆیلە گرتنی ژنان

من سۆزانی نیم

من کچە کوردێکی شەنگالیم!!!

من سۆزانی نیم لە مەلهای شەوانە

مـن کچـە کوردێکـی ئێزیدیـم لێتـان بـووم بـە بێگانـە

من هەزار جار ئەتك كراوم

بۆ بازاڕی فرۆشتن بۆ ڕەقەو حلب کێش کراوم

هەر شەوەی داعشێ لە باوەشی ئەکردم

من بۆ ژیان نا ، بۆ سەندنەوەی تۆڵە نەمردوم

لە بیری مەکەن ، لە بیرم ناچێ

ئەوەی پێمان کرا قەت لەسەریان ناچێ

ئەوەی ئێمەی فرۆشت بە داعشی ڕوو ڕەش

دڵنیابـن هـەر ئەویـش کوردسـتانی کـردوە دوو بـەش

ئاخ شەنگالی وێران ، ئاخ دایکی ئاوارەم

خوشـکە حـەوت سـاڵانەکەم حـەوت جـار لاقـە کـراوە

ئێستا لە تیرۆریستێك بەزۆر مارە كراوە

دایـە بـرا چاوكاڵەكـەم لەبـەر چـاوی خـۆم گولەباران کر

گشت ئەزیزانم لە برسا لە تینوێتی دا خنکێنرا

دایـە خـودام دی و هاتـە خـەون ووتـی سـەبرتان هـەر مـاوە

سەبەبکاری کاری ئێوە سەرشۆڕە زۆری نەماوە

ووتی ئێوەش موژدەبێ بەهەشت شوێنتان بێ


ئـاوی کەوسـەرە ئـەو فرمێسـکەی لـە دوو چاوتـان دێ

ئاخ من سۆزانی نیم

من کچە کوردێکی شەنگالیم

” شاعیر نەناسراو“

❊❊❊




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱٦:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــــڕەو

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

۰۰٤٦٧٦۰٨٥٤۰١٥
۰۰٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
۰۰٤٣٦٦۰١١٩٥٩۰٧